# العَقِيقَةُ

## فِي فِقْهِ الإِسْلَامِي

# هۆزەبانەی منداڵ

## لە فیقهی ئیسلامیدا

نووسینی
آزاد کوردی

1441ك – 2020ز

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ........................................................................ 3
پێشەکی ........................................................................ 4
پێناسەی هۆزەبانە ........................................................... 5
هۆزەبانە لەزمانەوانیدا ......................................................... 5
هۆزەبانە لەشەرعدا ........................................................... 5
بەڵگی شەرعی لەسەر هۆزەبانە .......................................... 5
حوکمی هۆزەبانە ............................................................. 6
ڕۆژی ئەنجام دانی هۆزەبانە ................................................ 6
دەم شیرین کردنی منداڵ .................................................... 7
ئەگەر هۆزەبانە لەحەوتەم ڕۆژدا ئەنجام نەدرا ............................ 7
جەختکردنەوەی پێغەمبەرﷺ لەسەر هۆزەبانە .............................. 8
جۆری ئاژەڵ بۆ سەربڕین .................................................... 8
کۆکردنەوەی هۆزەبانە لەگەڵ بۆنەیەکی تردا ............................... 9
وتنی (بِسْمِ اللّٰہ) لەکاتی سەربڕیندا و چۆنیەتی دابەشکردنی خواردنەکە ....... 9
سەرتاشینی منداڵ ............................................................ 10
ناونانی منداڵ ................................................................. 11
چ ناوێك خۆشەویستە لای خوای پەروەردگار ............................... 11
چ ناوێك دروستە و چ ناوێك نادروستە بۆ منداڵ ........................... 12
بانگدان بەگوێی منداڵدا ........................................................ 13
حیکمەت لە تەشریع بوونی و هۆزەبانە و سودەکانی ........................ 14

# پێشەكی

## بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ مُحَمَّدٍﷺ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.

**أما بعد**

لەدوای سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار، وە داوای درودو ڕەحمەتی خوای تعالی بۆسەر پێغەمبەرەكەی محمدﷺ، بەهۆی زۆر پرسیاركردنی زۆرێك لە دۆست و كەس و خۆشەویستانم دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی هۆزەبانە(عەقیقە)، چونكە لەلای هەنێك لەزانایان ڕاجیایی هەیە دەربارەی هەندێك بابەتی، بۆیە دەستم كرد بەنووسینی ئەم نامیلكە بچوكە بەناوی ﴿ **هۆزەبانەی منداڵ لەفیقهی ئیسلامیدا (الْعَقِيْقَةُ فِي فِقْهِ الإِسْلَامِي)** ﴾، داواكارم لەخوای باڵادەست بیكاتە توێشوی قیامەت بۆمان وە خوێنەرانی خۆشەویست سودی لێ ببینن وە ئێمەش لەدوعای خێر بێبەشمان نەكەن، ئەم نوسینە لە دەقەشەرعیەكان و وتەی زانایان وەرگیراوە خۆ ئەگەر هەڵەیەكی تێدابێت لەمنەوەیە و هەموو مرۆڤێكیش غەیری پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) شایستەی هەڵە كردنە.

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْنَ.

**آزاد كوردی**

**قەزای پێنجوێن**

15 | شعبان | 1441ك

8 | 4 | 2020ز

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

# ﴿﴿ هۆزەبانەی منداڵ (العَقِيقَة) ﴾﴾

## ﴿ پێناسەی هۆزەبانە ﴾

## ﴿ هۆزەبانە لەزمانەوانیدا ﴾

بەواتای (القَطْع) بڕین دێت، ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە کاتێك منداڵ لەدایك دەبێت لەخۆشی بوونی ئەومنداڵەدا ئاژەڵی بۆسەردەبڕدرێت.

## ﴿ هۆزەبانە لەشەرعدا ﴾

**هۆزەبانە:** بەو سەربڕاوە دەوترێت کەبۆ منداڵ سەردەبڕردێت و سەری چاك دەکرێت و ناوی لێ دەنرێت.

## ﴿ بەڵگەی شەرعی ﴾

پرسیارکرا لەپێغەمبەرﷺ دەربارەی هۆزەبانە فەرمووی: ﴿لَا يُحِبُّ اللّٰهُ العُقُوقَ﴾[١]، واتە: ﴿خوا کەسێکی عەقیقە بۆنەکراوی خۆشناوێ﴾.

هەروەها پێغەمبەرﷺ: فەرموویەتی: ﴿مَعَ الْغُلَامِ عَقِيقَةٌ، فَأَهْرِقُوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِيطُوا عَنْهُ الْأَذَى﴾[٢].

---

1- رواه أبو داود: (2842).

2- صحيح البخاري، وتحفة: (4485).

واتە: ﴿منداڵ دەبێت مۆزەبانەی لەگەڵدا بۆبكرێت، پێویستە ئەو مەڕەی بۆ سەر ببڕن و، ئەو خوێنەی بۆ بڕێژن، وە ئەو زەرەرەی لەسەر لابەرن﴾.

## ﴿ حوكمی مۆزەبانە(عەقیقە) ﴾

هۆوەبانە: سوننەتێكی موئەككەدەیە، وەسوننەتێكی گەورەی ئاینی ئیسلامە وە پێغەمبەرﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكانی(رضي الله عنهم) ئەم كارەیان ئەنجام داوە، وەلای هەندێك لە زانایان واجبە كە.

## ﴿ ڕۆژی ئەنجامدانی مۆزەبانە ﴾

ئەویش بریتیە: لەسەر بڕینی ئاژەڵ (یەك سەر یان دوو سەر) لەخۆشیی لەدایك بوونی ئەو منداڵەدا لەڕۆژی (7)حەوتەمی لەدایك بوونیدا بۆی ئەنجام دەدرێت عَن سُمْرَةَ عَنِ النَّبِيِّﷺ: ﴿كُلُّ غُلَامٍ رَهِينٌ بِعَقِيْقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ سَابِعِهِ وَيُحْلَقُ رَأْسَهُ وَيُسَمَّى﴾[3].

واتە: پێغەمبەرﷺ: فەرمووی: ﴿هەر منداڵێك كە لەدایك ئەبێت، قەدەغە ئەكرێت لەڕۆژی قیامەت تكا(شەفاعەت) بۆ دایك و باوكی بكات، تا لەڕۆژی حەوتەمی لەدایك بوونیدا مۆزەبانەی بۆ دەكرێت، هەر لەڕۆژی حەوتەمیشی سەری ئەتاشرێ و ناوی دەنرێت﴾.

---

3- رواه النسائي: (4220)، وقال الألباني: صحيح. وبلفظ آخر: (الْغُلَامُ مُرْتَهِنٌ بِعَقِيْقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ السَابِعِ وَيُسَمَّى وَيُحْلَقُ رَأْسَهُ)، رواه أصحاب السنن، وقال الترمذي(1522) حسن صحيح.

## ﴿ دەم شیرینكردنی منداڵ ﴾

هەروەها لەڕۆژی لەدایك بوونیدا دەمی منداڵەكە شیرین دەكرێت بەشیلەی (خورما) یاخود بەشتێكی تر بەڵام خورما باشترینە وە خورماكە دەدرێت لە مەلاشوی منداڵەكە، خۆ ئەگەر كەسێكی بڕوادار خورماكە بدات بەمنداڵەكە و دوعای لەگەڵدا بخوێنێت باشترە، هەروەكو عَنْ أَبِي مُوسَا(رضي الله عنه) ﴿قَالَ: وُلِدَ لِي غُلَامٌ، فَأَتَيْتُ بِهِ النَّبِيﷺ فَسَمَّاهُ إِبْرَاهِيمَ، فَحَنَّكَهُ بِتَمْرَةٍ، وَدَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ، وَدَفَعَهُ إِلَيَّ﴾[٤].

واتە: لەئەبی موساوە(رضي الله عنه) ﴿وتی: كوڕێكمان بوو، بردم بۆلای پێغەمبەرﷺ ناوی نا إبراهیم، وە مەلاشوی شیرین كرد بەخورمای تەڕ، وە دوعای خێری بۆكرد، پاشان دایەوە دەستم﴾.

## ﴿ ئەگەر هۆزەبانە لەڕۆژی حەوتەم نەكرا ﴾

وە ئەگەر نەتوانرا لەڕۆژی حەوتەمدا هۆزەبانەكەی بۆ ئەنجام بدرێت وە عوزرێكی شەرعی هەبێت ئەوە دەتوانێت لەڕۆژی (14)چواردەهەم یاخود (21)بیست و یەك هەمدا هۆزەبانەكەی بۆ بكرێت، ئەگەر لەو (3) سێ كاتەشدا نەی توانی دەبێت هەركاتێكی تربێت بۆی ئەنجام بدات، هەروەكو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿العَقِيْقَةُ تُذْبَحُ لِسَبْعٍ أَوْ لِأَرْبَعَ عَشْرَةَ أَوْ لِإِحْدَى

4- مختصر صحيح البخاري: (5467).

وَعِشْرِيْنَ﴾[٥]، واتە: ﴿هۆزەبانە دەبێت لەحەوتەم ڕۆژدا بکرێت یان چواردەهەم یان بیست و یەکەم﴾.

## ﴿ جەختکردنەوەی پێغەمبەرﷺ لەسەر هۆزەبانە ﴾

وە پێغەمبەرﷺ جەختی لەسەر ئەنجامدانی ئەم سوننەتە گەورەیە کردوەتەوە، هەروەها پێغەمبەرﷺ خۆی هۆزەبانەی بۆ حەسەن و حوسەینی کچەزای ئەنجام داوە، وە خۆی هۆزەبانەی بۆخۆی ئەنجام داوە کاتێك بووە بەپێغەمبەر، هەروەها جەختی لەوەکردوەتەوە هەرکەس هۆزەبانەشی بۆنەکرابیت باخۆی بۆخۆی ئەنجام بدات، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە هەرکەسێکیش تا ئێستا هۆزەبانەی بۆ نەکرابێت خۆی دەتوانێت بۆخۆی ئەنجام بدات.

## ﴿ جۆری ئاژەڵ بۆ سەربڕین ﴾

پێویستە بۆ کوڕ (دوو شەکە نێری سپی وە بۆ کچ یەك شەکە نێری سپی) سەر ببڕدرێت، هەروەکو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ﴿عَنِ الْغُلَامِ شَاتَانِ مُكَافَأَتَانِ وَعَنِ الْجَارِيَةِ شَاةٌ﴾[٦].

واتە: ﴿بۆ نێرێنە(کوڕ) دوو شاتی[٧] هاوشێوەی یەك سەر دەبڕدرێت،

---

5- صحيح: صحيح الجامع: (4132).

6- رواه الترمذي وغيره: (1513).

7- شاة: واتە (شەك، شەك نێرینەی مەڕە تەمەنی لاوێتیەتی وە هێشتا نەبووە بەبەران).

وەبۆ مێینە(کچ) یەك شات.

هەروەها زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ووتویانە: (شەکەنێر بێت باشترە لەمەڕ، وە ڕەنگی سپی باشترە لەڕەنگی ڕەش، وە شەك باشترە لەبزن، هەروەها شاخدار باشترە لەبێ شاخ).

## کۆکردنەوەی هۆزەبانە لەگەڵ بۆنەیەکی تردا

نابێت هۆزەبانە لەگەڵ قوربانی یان نەزر یاخود موناسەبەتێکی تر کۆبکرێتەوە، چونکە هۆزەبانە سوننەتی موئەککەدەیە وە نەزر واجبە، وە سابت نەبووە و نەبیستراوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ بەو شێوەیە کرابێت.

## وتنی (بِسْمِ اللهِ) لەکاتی سەربڕیندا و چۆنیەتی دابەشکردنی خواردنەکە

هەروەها لەڕۆژی حەوتەمدا ئەو ئاژەڵە لەکاتی سەربڕیندا (بِسمِ الله) لێ دەکرێت و سەردەبڕدرێت وەدەکرێتە خواردن و خەڵکی بۆ دەعوەت دەکرێت هەروەکو ڕیوایەت کراوە لە دایکی ئیمانداران عائیشە(رضي الله عنها) وە هەندێك لەهاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ کە بەو شێوەیەیان کردووە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە خواردنەکە پارچە پارچە بکرێت و بکرێت بەخواردن و دابەش بکرێت بەسەر فەقیر و هەژاراندا، وە فەقیر و هەژارانی دراوسێ لەپێشترن لەکەسانی

تر، بەڵام ئەگەر خزمێكی فەقیر لەدەرەوەی شار یاخود شوێنێكی دوور بوو دروستە لەو هۆزەبانەیان بۆ بنێردرێت، وە دەشكرێت گۆشتەكە پارچە پارچە بكرێت و دابەشبكرێت واتە نەكرێتە خواردن هەربەكاڵی دابەش بكرێت، هەروەها دروستە بۆ خاوەن ماڵەكە بەشێك لەو گۆشتی هۆزەبانەیە دابنێن بۆ خۆیان بیخۆن.

- وە دەبێت ئەوكەسەی ئاژەڵەكە سەردەبڕێت لەكەسانی بەخێوكاری منداڵەكە بێت وەكو (باوك و باپیر و دایك و هتد ..)، یاخود لەكاتی سەربڕینی ئاژەڵەكەدا ئامادەبێت.
- ئەگەر منداڵەكە لەپێش حەوت ڕۆژی یان لەدوای حەوت ڕۆژی بمرێت سوننەتە هەر هۆزەبانەی بۆ ئەنجام بدرێت.

## ﴿ سەرتاشینی منداڵ ﴾

ئەوەیە: لەڕۆژی حەوتەمدا سەری منداڵەكە دەتاشرێت، وە بەئەندازەی كێشی مووی سەری منداڵەكە زێڕ یان زیو بەپارە دەكرێتە خێر بۆ منداڵەكە و دەدرێت بە فەقیر و هەژار، وەلێرەدا (فەرقی كوڕ و كچ نییە).

وە پێغەمبەرﷺ كاتێك هۆزەبانەی بۆ حەسەنی كوڕی ئیمامی عەلی(رضي الله عنهما) ئەنجامدا بەفاتیمەی كچی فەرموو: ﴿يَافَاطِمَة، إِحْلَقِي رَأْسَهُ، وَتَصَدَّقِي بِزِنَةِ

شَعْرِهِ فِضَّةً﴾[٨].

واتە: ﴿ئەی فاتیمە، سەری بتاشە، وە بەئەندازەی وەزنی قژی زیوی بۆبكە بەخێر[٩]﴾.

## ﴿ ناونانی منداڵ ﴾

هەروەها مەبەست لەناونانی منداڵ بریتیە لەوەی لەڕۆژی حەوتەمی منداڵەكەدا ناوێكی شەرعی بۆ منداڵەكە دادەنرێت، چونكە ناونانی منداڵ زۆر گرنگە وە لەڕۆژی قیامەتیشدا هەر بەو ناوە بانگی لێ دەكرێت، بۆیە پێویستە باوك و دایك بزانن چ ناوێك لەو منداڵە دەنێن، وەنابێت هەندێك ناوی ناشەرعی و ناشرین و ڕێگە پێنەدراو لەشەرعدا بۆ منداڵەكانیان دابنێن.

## ﴿ چ ناوێك خۆشەویستە لای خوای پەروەردگار ﴾

باشترین و جوانترین ناویش لەلای خوای پەروەردگار ئەم دوو ناوەن وەكو پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: عَنْ ابنِ عُمَرَ(رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) ﴿قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِﷺ: إِنَّ أَحَبَّ أَسْمَائِكُمْ إِلَى اللهِ: عَبْدُاللهِ وَعَبْدُالرَّحْمَنِ﴾[١٠].

واتە: ﴿لە ابن عومەرەوە(رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) ڕیوایەتكراوە كەوتویەتی: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: خۆشەویسترین ناوتان لەلای خوا ناوی (عبدالله) و

---

8- رواه الترمذي: (1519).

9- واتە بەپارە.

10- رواه مسلم: (2132).

(عبدالرحمن)ه﴾.

وه لەڕیوایتێکی تردا عَنْ أَبِي وَهْب(رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِﷺ: ﴿تَسَمُّوا بِأَسْمَاءِ الْأَنْبِيَاءِ، وَأَحَبُّ الْأَسْمَاءِ إِلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: عَبْدُاللهِ، وَعَبْدُالرَّحْمَنِ﴾[11].

واتە: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ﴿ ناوی خۆتان بەناوی پێغەمبەرانەوە بنێن، وه خۆشەویست ترین ناو لەلای خوا ناوی (عبدالله) و (عبدالرحمن)ه﴾.

هەروەها عَنْ أَبِي مُوسَا(رضي الله عنه) ﴿قَالَ: وُلِدَ لِي غُلَامٌ، فَأَتَيْتُ بِهِ النَّبِيﷺ فَسَمَّاهُ إِبْرَاهِيمَ، فَحَنَّكَهُ بِتَمْرَةٍ، وَدَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ، وَدَفَعَهُ إِلَيَّ﴾[12].

واتە: لەئەبی موساوه(رضي الله عنه) ﴿وتی: کوڕێکمان بوو، بردم بۆلای پێغەمبەرﷺ ناوی نا إبراهیم، وه مەلاشوی شیرین کرد بەخورمای تەڕ، وه دوعای خێری بۆکرد، پاشان دایەوە دەستم﴾.

## ﴿ چ ناوێك دروستە و چ ناوێك نادروستە بۆ منداڵ ﴾

وه دروستە منداڵ ناو بنرێت بەناوی مەلائیکەتەو و پێغەمبەران و وه (طه و یس).

وه پێغەمبەرﷺ نەهی کردووه کەم ناوانە دابنرێن بۆ منداڵ وکو (یسار، رباح،، نجیح، أفلح، نافع) هەروەك لە صحیحی موسلیمدا هاتووه کە پێغەمبەر ﷺ بە سمرەی فەرموو: ﴿لَاتَسُمْ غُلَامَكَ يَسَارًا وَلَا رَبَاحًا وَلَا نَجِيْحًا وَلَا أَفْلَحَ، وَلَا

11- سنن النسائي: (3565).

12- مختصر صحيح البخاري: (5467).

نَافِعًا﴾[١٣].

واتە: ﴿ناوی منداڵەكەت مەنێ یەسار و ڕەباح و ئەفلەح، نافیع﴾.

وە ابن حزم (رحمە الله) وتوویەتی[١٤]: إتفاقی زانایان هەیە لەسەر ئەوەی كەحەرامە ئەم ناوانە بۆ منداڵ دابنرێت وەكو (عبد العزى، عبد هبل، عبد الكعبة).

## ﴿ بانگدان بەگوێی منداڵدا ﴾

هەروەها سەبارەت بە بانگدان بەگوێی منداڵدا زۆربەی شەرعناسانی ئەم كۆتاییانە بانگدان بەگوێی منداڵی تازە لەدایكبوودا بەسوننەت دەزانن، ئەمەش كاتێكە كە تازە منداڵەكە لەدایك بووبێت نەك لە ڕۆژی حەوتەم و دواتردا، وە زانایانی موتەئخیرین قامەتیان بۆ زیاد كردووە واتە: بانگ بەگوێی ڕاستی و قامەتیش بەگوێی چەپیدا دەدرێت، بەپشت بەستن بەچەند فەرموودەیەك كە پلەی فەرموودەكانی بانگدانەكە لەنێوان (حسن)حەسەن و لاواز(ضعیف) دایە وە دەشكرێت پشتیان پێ ببەسترێت، بەڵام پلەی فەرموودەكانی قامەتكردنەكە هەمووی لاوازو و(موضوع)ن و پشتیان پێ نابەسترێت، وە ئەوانەی ئەم كارە بەشەرعی دەزانن ئەوەیە كە ئیمامی عومەری كوڕی عبدالعزیز(رحمە الله) بانگی داوە بەگوێی ڕاستی منداڵدا وە قامەتیشی كردووە بەگوێی چەپیدا، بەڵام ئەمە بۆئێمە نابێتە دەلیل چونكە

---

13- رواه مسلم: (2136).

14- فقه السنة للسید سابق باب العقیقة.

ئەوە کاری تابیعی یەکە نەك فەرموودەی صەحیح و قسەوکرداری هاوەڵان لەبەرچاوی پێغەمبەردا ﷺ.

هەروەها شێخ ئەلبانی(رحمه الله) تەخریجی گشت فەرموودەکانی کردووە کە (حەسەن و لاوازن) و صەحیحیان تێدا نییە هەروەکو وەك لای خوارەوە ناوی کتێبەکان و ژمارەی فەرموودەکانمان هێناوە[15]، بۆیە پێویستە مامۆستایانی ئاینی ئەم بابەتە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە بەوردی تا خەڵکی بزانن هۆزەبانەی منداڵ سوننەتێکی گەورەیە وە لەیادی نەکەن و زیندووی بکەنەوە، وە ئەو ڕاستیانەش بزانن دەربارەی بانگ و قامەت بەگوێی منداڵدا، والله تعالی أعلم.

## ﴿ حیکمەت لە تەشریع بوونی و هۆزەبانە و سودەکانی ﴾

حیکمەت و سودی زۆر هەیە لەئەنجامدانی هۆزەبانەی منداڵدا، لێرەدا بەکورتی باسی چەند خاڵکی گرنگی دەکەین:

1- ڕازی بوون و شوکرانە بژێری بەندەیە بەرامبەر پەروەردگاری بۆ پێ بەخشینی ئەومنداڵەی پێی داوە، چونکە یەکێك لەگەورەترین نیعمەتەکانی پەروەردگار بۆ دایك و باوك پێدانی منداڵی صاڵح و صالیحەیە، گەر بەندە

15- ضعيف تراجعات للألباني: ص11. **وە فەرموودەکان لێرەدا هاتوون:** و مسند أحمد: (298\39)، أخرجه أبو داود: (5107)، و الترمذي: (1514)، و عبد الرزاق في مصنفه: (7985)، و أبو يعلى في مسنده: (6780)، وابن عدي في الكامل: (198\7)، ومن المعاصرين سلسلة الأحاديث الضعيفة و الموضوعة للألباني: (321).

شوکری خوای کرد لەسەر ئەو نیعمەتە خوای پەروەردگاریش لەپێناو ئەو شوکرەدا دەفەرمووێت: ﴿لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾سورة: إبراهيم(7)، واتە: ﴿گەر شوکرانەبژێری خوابکەن(لەسەر نیعمەتەکانی) ئەوە بۆتان زیاتر دەکەم(ئەو نیعمەتانە)﴾.

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاتِ الدُّنيا﴾سورة الكهف: (46)، واتە: ﴿ماڵ و منداڵ تەنها زینەت و جوانی ژیانی دونیان﴾.

2- پاك بونەوەی دڵی کەسە نزیکەکان و هاوڕێ و هەژارانە، بەکۆکردنەوەیان لەسەر خواردنی ئەو هۆزەبانەیەوە یان دابەشکردنی بەشەگۆشت بەسەریاندا.

3- تاشینی سەری منداڵ پاك بوونەوەی منداڵە لەو چڵك و پیسی و کرێشەیە بەسەریەوەیەتی.

4- فێرکردنی مرۆڤەکانە بۆ خێرکردن و دڵ سەخاوەتی و بەخشندەیی و دەست کراوەیی بەو سەربڕینەو کردنەخێری ئەندازەی قژەسەری منداڵەکە، هەروەها چەندین سودی تر.

**لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای باڵا دەست و میهرەبان ئەم نوسینە بکاتە مایەی خێر بۆ مسوڵمانان وە بیکاتە توێشوی قیامەت بۆ ئێمەش.**

سُبْحَانَ رِبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِيْنَ وَالْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِيْنَ.

**آزاد کوردی**

**قەزای پێنجوێن**

**15 | شعبان | 1441ك**

**8 | 4 | 2020ز**

تَمَّتْ بِحَمْدِ الله